Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# محەمەد صابر:. ئەم لاوە بەهرەمەندیە کە کاری زۆری بۆ هونەرمەندان کردووە.



**دیمانە**

**کیژخان هەریری**

**محەمەد سابیر ئەو لاوە بەهرەمەندەی رۆژگارێکە بە دەستە رەنگینەکانی لە بواری مکیاژ خزمەتی بە هونەرمەندان و شاشەکانی کوردی گەیاندووە، بۆیە ئەم دیدارەمان لەگەڵی سازدا.**

★ دەکرێت خۆت بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بناسێنی؟

ـ من ناوم (محەمەد صابر عەلی)یە، قوتابی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشیم، و بەرێوەبەری بەشی مکیاژم لە کەناڵی ئاسمانی نەورۆز.

★ چۆن لە وەرزشەوە چوویتە نێو دنیای راگەیاندن؟

ـ من لە سەرتاشخانە کاردەکەم ئەوە کاری سەرکییم بووە، بەڵام لە ساڵی (2005) چوومە تەلەڤزیۆنی هەرێم، تاکو ساڵی (2006)، دواتر بۆ ماوەی (6) مانگ چوومە کەناڵی ئاسمانی کوردستان، پاشان گەڕامەوە تەلەڤزیۆنی هەرێم کە تازە ببوە کەناڵێکی ئاسمانی.

★ وەکو زانیومانە چەند بڕوانامەتان لە بواری مکیاژ هەیە، دەکرێت باسیان بکەیت؟

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

ـ من له كۆتايى ساڵى 2006 سەفەرێكى سوريام كرد لەگەڵ كۆمپانياى رۆژبين كە خولێكى 6 مانگيم بينى بۆ كارى مكياژ خولەكە زياتر تايبەت بوو بە مكياژكردنى كليپ و دراما، لەم خولەدا پلەى يەكەمم بەدەستهێنا كە چەند كۆمپانيايەكى عەربيش لەم خولەدا بەشدارايان كردبوو.

٭ جەنابت كە لە خولێكى ئاوا پلەى يەكەمت هێناوە، دەكرێ بزانين مكياژ لە كوردستان چۆن دەبينى؟

ـ وا هەست دەكەم زۆر فەرامۆشكراوە لە رووى هونەريەوە، چونكە ئەوانەى لە كليپ و دراماكان بەشدارى دەكەن هەموويان بە پەنجەى دەست هەژمار دەكرێن، پێويستە وەزارەتى رۆشنبيرى خولێكى مكياژ بۆ چەند كادرێكى بە توانا بكاتـەوە لـە دەرەوەى كوردستان تاكو لە رووى هونەريەوە تۆزێك بايەخى پێبدرێت.

٭ تۆ وەك گەنجێك لەم بوارەدا تاكو ئێستا هيچ كارێكت ئەنجامداوە؟

ـ ئەو كاتەى لە كۆمپانياى رۆژبين بووم هەر لە سوريا كارەكانمان دەركرد، بەشێكيش لەم كارانە بۆ ئەم هونەرمەندانە كارم كردووە لە وڵاتى سوريا ( رێناس، كاروان، هێڤى) بەڵام دواى ئەوە كۆمپانياى رۆژبين تێكچوو.

42

٭ لە گەڵ چەند وێنەگر كارت كردووە، لە كامەيان زۆر رازى؟

ـ لەگەڵ (رزگار كۆچەر، عادل ئاكرەيى، سامان عەدنان، سەنعان هەولێرى، زەكەريا رەزا، زيرەك ئەبو سەباح، فەلاح دزەيى) ئەوەى كە لاى من كارى جوان بێت (سامان عەدنان و سەنعان هەولێرى).

٭ تاكو ئێستا لە چەند كليپ بەشدارييت كردووە، كێن ئەوانەى كارت بۆيان كردووە؟

ـ نزيكەى 80 كليپ و 6 دراما و 4 كورتە فلم كارى مكياژم تێدا كردووە بۆ زۆربەى هونەرمەندان ئێستا هەموويانم بير نيە بەڵام ئەو كارانەى بەرچاون وەكو كليپ كە من كارم تێدا كردبێت هونەرمەندان ( سروود حاتەم، گۆران ساڵح، زانا جەبەلى، هەڤاڵ ئيبراهيم، ئەياد حوسێن، هۆگر كەريم، محمد عەزيز، عزيز سەلام، سەمير عبدولا، هۆشمەند،.... هتد)

٭ بەرێزت باسى درامات كرد، دەكرێ ئاماژە بە كارەكانت بكەى؟

ـ بەڵێ لە دراماش كارم كردووە لەوانە دراماى ( رەحمەتى، ئارەزوو، ژوانێك بۆ خۆشەويستى، وەسيەت نامە) كارم بۆ دراماى منداڵانيش كردووە وەك ( منداڵى بێ سەرپەرشتيار، منداڵانى لاسار)

٭ ئێستا لە كوێ كار دەكەيت و بە نيازى چى بكەيت؟

ـ من خۆم لە سەتەلايتى نەورۆزم گرێبەستيشم لەگەڵ ڤين تيڤى كردووە، بە نيازم لە گەڵ كۆرەك ميوزيك يش رێكبكەوين بۆ ئەوەى چەند كارێكى پوختى هونەرى ئەنجامبدەين.

٭ دووا كارى هونەريت چيە و بۆ كێ كارت كردووە؟

ـ بەم زووانە ئەم هونەرمەندانە چەند كارێكيان بڵاودەبێتەوە كە من بەشداريم كردووە لە گـەڵيان وەكو هونەرمەنـد ( سروود حاتەم، هيمداد، ميرا، هەڵدێر، هۆشمەند، فەرهەنگ، كاروان) دڵنياشم كارى زۆر جوانن.

٭ لە كۆتاييدا ئێمە بە ناوى گۆڤارەكەمان دەستخۆشيت لێ دەكەين هيواداريين بەردەوام بيت لەم كارە جوانانەت؟

ـ منيش زۆر سوپاسى ئێوە دەكەم، ئەزێتتان كێشا هيواى سەركەوتن بۆ ئێوەش دەخوازم.